# قەدەغەکردنی بیرکردنەوە

د.هەژار مەعروف ــ ئەڵمانیا



نوسەرێك بە ناوی (چاودێرێك) وتارێکی لە( هاوڵاتی) ی ژمارە 301 لە سەر داهاتوی سەرۆکایەتی لە پارتی و لە ناو بنەماڵەی بارزانی دا, دا نوسیوەء, سەرۆ قادر بە وتارێك لە ژمارە 2336 ی (خەبات) دا وەڵامی (چاودێرێك) دەداتەوە, کە بۆنی گەڤ و هەڕەشەی لێدێ لە ( هاوڵاتی) لە سەر ئەوەی (کفر)ی ئاوا بڵاودەکاتەوە.من دەڵێم (کفر) کە شتێکە تەنیا لەو بونەوەرە دەوەشێتەوە کە پێی دەڵێن مرۆڤ, بەڵام سەرۆ قادر ناوی دەنێت پەلاماردان کە کاری خۆبەخۆ ( غەریزە) ە ی سەگ ی دڕ و لاسارە. بۆچی دەبێت هوروژانی بابەتێکی ئاوا گرنگ کە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی نزیکەی 5 ملیۆن کوردی عێراقەوە هەیە بە وەڕین بزانرێت ؟ دروست بە پێچەوانەوە , بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆ بەدبەختی کورد لە ناوجەرگەیدا دەژی! مەسەلەی ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی کەلێك گەلێك گرنگە. دوێنیٚ ئەگەر خومەینی بە شەڕوەستان ڕازینەبوایە , لەوانەبو قەسابخانەی شەڕی ئێران ــ عێراق ئێستاش بەر دەوامبوایە. بارودۆخی ئێستای عێراق و کورد تێیدا چۆن دەبو , ئەگەر زۆرایەتیی شیعەی عێراق لەبری ئایەتوڵا سیستانی لە لایەن کاکە ( یابە! ) موقتەدا سەدرەوە ڕابەرایەتی بکرایە؟ بۆیە گەلێك ڕەوا و دروست و ڕاست و پێویستە , بگرە دەبوایە زووتریش , لەسەر سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی لە ناو بنەماڵەی بارزانیان دا و واوەتریش لە ناو بنەماڵەی مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا باس و لێدوان و شیکردنەوەی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ــ دەرونی ــ مێژویی زانستیی ئارام, بە ویژدان , جیددی وبوێر و دوور لە سۆزی دەروێشانە و ڕق و کینەی تازە و کۆن لە هەرلایەکەوە بێت , بکرایەوە و بەردەوام و ناو بە ناو بکرێت و ئەم گۆمە مەنگە تەڵخ و بەتاڵ لە ئۆکسیجینی ژیان و تاریکەی هەلپەرستان و ماستاوچیان و خۆپەرستان : زۆر(دەسەڵات) و زێڕ و مرواریی سامانی بۆخۆیان لێدەردەهێنن بشڵە قێنرێ وبەری بەربدرێت و بکرێتە ڕوبارێکی ڕون و ڕەوان و بە خوڕ کە دۆگما ی ئاینی و دونیایی موتڵەق و بێگیان و ڕەق و تەق جێی تیا نەبێتەوە و هەموو شت و ئایدیا و هزرەکان لە ژێر تاڤ و تیشکی زانستی و لۆژیك و ڕێژەیی (نیسبییە ت ــ relativity ) لێیان بڕوانرێ و مەزەبکرێن . بۆ ترسی ئەوەمان هەبێت لە ڕەوەندی پرۆسەیەکی ئاوادا شەڕی براکوژیی لێبکەوێتەوە؟ ئەمە بەهانەترسە نەك ترسی بەڵگێنراو!

سەرۆ قادر دڵنیایە کە دەستێکی دیاری کراو لە پشت ( هاوڵاتی) و هەندێ بڵاوکراوەی ترەوە هەیە. ئەم دڵنیاییەی سەرۆ هەڵقوڵاوی تیوریی بێتام و سواوی پیلان (موئامەرە) یە کە لای هەندێ سۆفی و دەروێشی حیزبی دەگاتە پلە و ئاستی نەخۆشیی دەرونی پارانۆیاparanoia . ئەم تیوری یە گەلێك جار سیاسە تمەدارە عەرەبە دیکتاتۆر و سیاسیە مایە پوچەکان وەك فشەبەڵگە و زڕەبەڵگە بۆ شکان و دۆڕانیان بەرانبەر ئیسرائیل و بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵاتی گەندەڵ و کەڕولێداویان, دەیهێننەوە و عەرەبی سادەو ساکاری پێدەخاپێنن و پێدەمکوت دەکەن...هتد) .ئەو بناغەیەی تڕەکەڵەکی (تیوری پیلان)ی لەسەر هەڵچنراوە بیرنەکردنەوەیە یا سستی و خاوی و یەکجۆر و یەکتام و یەکڕەنگ و یەك ڕەهەند بیرکردنەوە یا وەك دەروێشی هەرەدڵسۆزو حاڵ و فێلێهاتوی وەك سەرۆ قادر ناڕاستەخۆ لە سەرۆکایەتیی بارزانی داوادەکات هەر قەدەغەکردنی دەربڕین و بیرکردنەوەیەلە ناو کوردا.هەندێ لە قەوانە قۆڕەکان کە کەمەنکێشان و پەیڕەوانی ئەم تیوری یە موفلیسە لە هەمو بۆنە و بوارەکاندا لێیدەدەن بۆ نمونە بریتین لە: پیلان و موئامەرەی دوژمن و و تابوری پێنجەمی دوژمنی داگیرکەر کە لەناو خۆماندان هۆی کەموکوڕی و کێشەکانمانن , ئاسایشی نەتەوەیی لە مەترسیدایە و هێشتا کا تی ئەم ڕەخنە ناوەختانە نییە و جاریٚ کورد لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدایە و بە دوژمن دەورەدراوە, وەفاو دڵسۆزی بۆ خوێنی شەهیدانمان و ڕابوردوی خەباتی پێشمەرگەدێرینەکانمان داوامانلێدەکەن جاریٚ بێدەنگبین و هتد....

ئەم سەرۆ قادرە لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە لە پەیوەند لەگەڵ شەڕی خۆکوژیی ناوخۆدا دەپرسن (ڕۆشنبیرانێك هەبون ئاشیان بە ڕژانی خوێن دەگەڕا) لە ژمارە 137 ی هەفتەنامەی (میدیا) دا وتارێك دەنوسێت لەژێر ناونیشانی (گەر هاتە ڕیٚ هەزار گوناه و یەك تۆبە) ناوەڕۆکی ئەم نوسراوەش هەر هەمان پرنسیپە: مرۆڤی کورد پێویست ناکات بیربکاتەوەو هزر و ئاوەزی خۆی بخاتە گەڕ , با گۆڕی دیکارتی فەیلەسوف هەڵتەکێنین کە دەبێژێت (من بیردەکەمەوە , کەواتە هەم و بوونم هەیە) ! شتێکی زیادەیە مرۆڤی کورد لە شت و ڕوداو و دیاردە کۆمەڵایەتی و

سیا سیەکان  بە چاوی ڕەخنەو گومان  وردبیێتەوە و پرسیار بکات , بۆ نمونە بە سەرۆ و سەرۆئاساکانی ناو پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبە کوردیە شەڕ)کەرە! ) کان بڵێت : بۆ سەدان هونەرمەندو ڕۆشنبیری بەویژدان وسەنگین وسەلار ی کورد ی تر نەك هەر ئامادە نەبون بۆ ئەم شەڕە یەك وشەش بنوسن ,بەڵکۆ  تاوانباریانکردو لە دژی مانگرتنیان کرد؟ چەند کارێکی جوان و پڕ فەنتازیا بو کاتێك ئیسماعیلی خەیات لە نێوان سەنگەرە گرژ و بۆ شەڕئامادەکانی پارتی و یەکێتیدا لەسەر تاشەبەردەکانی نێوانیان لەسەر ڕێی کۆیە ــ هەولێر  کۆتری ئاشتی و تابلۆ ڕەنگینەکانی خۆی کێشا کە بە هەردولای شەڕکەری دەوت شەڕی نێوانتان دەم و دەست و بۆ هەتاهەتایە ڕاوەستێنن و ئیتر بەسە بەس!! لە وەش خرا پتر سەرۆ لەم وتاەیدا لە ڕوی شعورو سۆزیشە وە هیچ حیسابێك  ناکات بۆ قوربانیەکانی ئەو شەڕە, کە بەلای منەوە  لە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیبارانکردنی کوردوستان تاوانتر بو چونکە بە دەستی خۆمان بوو , وە دەتوانرا نەکرێت.کەمترین شت کە بنوسان و قەڵم بەدەستان یان ڕاستتر  قەڵم بەشانانی ئەو شەڕە! کە سەرۆ یەکێك بوو لێیان و بۆیە  پاساویان بۆ دەهێنێتەوە, دەیانتوانی بیکەن و هێشتا نەیانکردووە داوای لێبوردن کردنبو لە  کەس و کاری جێماوی کوژراو و کەمئەندامبووان و زیانلێکەوتوانی  ئەو شەڕە نەگریسە کە سەرۆ و سەرۆئاساکانی هەردولا بە نوسراوەکانیان هەوڵی ڕتوشکردن و جوانکردنیان بۆ دەدا.
هەم کاك مەسعود بارزانی و هەم مام جەلال لە  پێشنیوەڕۆی 4/ 2002/10 لە مەراسیمی مێژویی  کردنەوەی پەرلەمانی یەکگرتوی کوردوستان لە هەولێر داوای ئەم لێبوردنەیان لە خەڵکی کوردوستان کرد. بە پێی ئەم حیکمەتی (گەر هاتە ڕێ هەزار گوناە و یەك تۆبە ) ی سەرۆ قادر بێت , دەبێت ئەو کۆمیتەیەی  سەروك بارزانی لە 2006/10/30 بۆ لێکۆڵنەوە لە سەر  کارنامەی هەموو ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی دەوریان هەبووە لە کارەساتی ئەنفال و بارزانیەکان و وێرانکردنی کوردوستان , هەڵبوەشێنرێتەوە , چونکە هەمو ئەوانە نەك هەر وازیان لە بەعس و سەددام هێناوە, بەڵکو  مەخابن زۆریان ئێستا بایانداوەتەوە و کاربەدەست و خاوەن باند ۆر و نفوزن لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دەسگاکانی دا. بە پێی ئەم ژیری و دانابیەی  سەرۆ ئەو کولتورەی پێی دەلێن کولتوری  تاووتوێکردنی ڕابوردوی ئینسانەکان و کۆمەڵەو حیزبو حکومەتەکان , کولتورێك کە شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی چەمکە فەلسەفی و ئاینیەکانی وەك گوناە , تاوان, ناهەقی , زوڵم , مەردایەتی , لێبوردن, سینگفراوانی, ئاشتبونەوە , خۆشەویستی, ڕق و کینە , سزا  , شەرم , سولح و ڕێکەوتن , ڕەخنە و بەخۆداچونەوە ...ئەو کولتورەی هەزاران کتێبی لەسەر نوسراوە و دڵ و بیری سەدان بیرمەند و دادوەر و فەیلەسوفی ئەم مرۆڤایەتییەی مەشغوڵ کردووە ,  کولنورێکی ئاوا لە دیدی سەرۆ وە زیادەو بێ کەڵکە, لە ڕاستیدا دەبێت دادگاکانیش هەموی داخرێت , چونکە  تۆ  هەر گوناە و تاوان و خرا پەیەکت کرد گرنگ نیە چیت بەسەر قوربانییەکەت دا هێناوە, گرنگ ئەوەیە تۆببەیەکی زارەکی بکەیت و ئەگەر بە ئیسلام بڕوامەندبیت بچیت بۆ حەج و عەمرەو  تا تاوانێکی تر و تۆبەیەکی تر (و هكذا دوالیك ) . وای لە دەستە پاچەیی و کولۆلیی بیر, ئەمە بیرە یا وڕێنە و ژاوەژاو؟
لە دونیای مۆدێرن دا ڕەوشێك هەیە  بۆ چارەسەرکردنی زانستیی  کێشە جۆراوجۆرەکان  یان بۆ بەرەو  پێشبردنی پرۆژە ئابوری و ڕیکلامەکان پێی دەڵێن  brain storming بە واتای کۆکردنەو و لێکدانەوە و بەراوردکردن و ئە نجامگیریی هەموو ئەو بیر و هزرو خەیاڵانەی بە ئاگایی تەواوەوە بە مێشك و مێژیی کۆمەلە ئینسانێکدا دێت کە پێکەوە دانیشتون  تەنیا  بۆ بیرکردنەوە ی ئازاد و ڕ ەها و نەترس لە هیچ بنچاوکردن و چاوبزکردنەوەیەك ,بیرکردنەوەی ئازاد و بێتخوب و مەرج, بیرکردنەوە  لە کێشە و مەسەلەیەکی دیاری کراو, بفەرموو ئەسپەشێی خەیاڵ و بیر,  فەنتازیای ئازادت  لە دونیای ڕەنگینی  بیرستان و خەیاڵستان  ڕابدە و تاوبدەو بیهێنەرە فڕین!!بەڕاست لەم دونیا تیاترۆیەی دەسەلا تخوازی و سێکس و سەرمایەو دراو پەرستن دا و دوای ڕا پۆرتە بۆ کورد شومەکەی  Beaker ــ Hammelton ئەگەر کوردی داماو    مافی دەربڕین و بیرکردنەوەشی لێبسەنرێتەوە ئیتر چیی بەدەستەوە دەمێنێت؟  ئاما نجی brain storming ئەوەیە کە لە کۆی ڕاو بۆچونە ئازادەکان , بە شێوەیەکی دیموکراتی  ئە نجامگیریی ئایدیا و  بیرێکی  کۆنکرێتیی کاریگەری وا بکرێت کە وەك ڕەشەبایەك (تۆفانی بیرو هۆش ) هەموو کێشەکان ڕامالێت و ماڵەخۆ پاکبکاتەوە لە تۆز و کرێش و کەڕوی کێشەو کەم وکوڕیەکان.  یەکێك لە بناغەو  نهێنییە هەرەگرنگەکانی ی  پێشکەوتنی ولاتانی  ئەوروپا و ئەمریکا و یابان و چین و هتد...بناغە و  پرینسیپی بیرکردنەوەی ئازادی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵانەیە بێترس لەشۆفاران و سیخوڕان و پۆلیسی بنچاوکردنی بیر و هۆش و قەناعەت , بێترس لەوەی کە تۆ نانبڕاوبکرێیت یان هەر سزایەکی تری ڕەسمی یا ناڕەسمی  مادیی یا مەعنەوی و کۆمەڵایەتی بدرێیت لەسەر ئەو ڕەئەی دەریدەبڕیت.
ترسناکیی هەڕشە ناڕاستەوخۆکەی سەرۆ لە هەفتەنامەی (هاوڵاتی ) لەوەدایە کە سەرۆ بابایەکی گومناو و بێدەسەڵات و بێ باندۆر نیە لە گۆشەیەکی تاریکی ئەم کوردوستانە! سەرۆ قادر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و  لێپرسراوی  دەسگای ڕاگەیاندنی مەرکەزیی پارتییە!!

**من گەلێك سەرمسوڕماوە كە نە كاك مەسعود , نە كاك نێچیروان وەك دولوتكەی دەسەڵاتی ناو پارتی و بنەماڵەی بارزانی , وە نە كاك فەلەكەدین كاكەیی وەك وەزیری ڕووشنبیری تائێستا هیچ هەڵوێستێكیان لە سەر ئەم زەنگە ترسناكەی سەرۆ قادر لێیدا و مێشك و دڵی هەزارانی هەژاند , دەرنەبڕیوە!؟ تكا و لاڤام بۆ ژیری و حیكمەت و ئارامی و ویقاری سەرۆك بارزانی و بۆ ژێهاتویی و خورتیی كاك نێچیروان بارزانی ئەوەیە كە لێپرسینەوەی جیدی لە سەرۆ قادر بكەن.**

Bill Clinton **ی سەرۆكی پێشوی ئەمریكا دەڵێت : نابێت هەرگیز ئەو ڕاستییەمان لەیاد بچێت كە ڕێگای ئیستیبداد** Tyranny **بە تێكشكان و وێرانكردنی حەقیقەت و ڕاستی دەستپێدەكات.**

2006/12/3